# نۆرماڵ

## ڕەحمان سۆفی

چاوەڕوانی و نامۆیی شەو و ڕۆژ لە مرۆڤ دەشێوێنێ. سەبارەت بەم حاڵەی خۆم لەگەڵ هاوولاتییێکم کە لەمێژساڵ بوو لە سوێد دەژیا، بە تەلەفۆن قسەم کرد و دەرکاندم کە زۆر بێتاقەتم.خەو خواردنم لێشێواوە.

هاوولاتییێکەم گوتی « ئیزن وەرگرە، و وەرە بۆلای ئێمە، ماوەیەک میوانمان بە »

دوی گفتو گۆ تەلەفۆنییەکەم لە گەڵ کۆنە دۆستەکەم، چووم بۆ لای بەرپرسی کەمپەکە، و بە زمانی بێزمانی پاڕامەوە کە ئیزنم بدات کە لە دوو ڕۆژی پشوداندا سەفەر بکەم. ئەویش بە ڕوخساری خەمبار و چاوی کز و دەنگی نەرمەدا تێگەیی کە چم دەوێ، ڕەنگە بەزەیی پێمدا هاتبێ، ناونیشانی دۆستەکەمی لێوەرگرتم و ئیجازەی پێدام.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی بوو. هەور، تەم و مژێکی سەیر فەزای داگرتبوو، زۆریش سارد بوو. کەش و هەوایکی خەمناک بوو. بە تەپلۆسییەوە بێحالییەوە چوومە وێستگەی قەتار و بلیتێکم کڕی. لە سالۆنی چاوەڕوانی، سەیری تابلۆی ڕاگەیاندنی کات و شوێنم کرد. ئەو قەتارەی کە من پێ بڕۆم دوای ساتێک دەڕۆیی. بە هەر لەونێک بوو سەکۆی سوار بوونم پەیدا کرد. چووم و سوار بووم. لە ڕووی ژمارەی بلیتەکەمەوە جێ خۆم دۆزییەوە، چاکەتەکەم داکەند و هەڵمواسی و تەخت دانیشتم. خۆزیا و بریای ئەوە بووم بەختم یاربێ و هاوسەفەرێکی ڕووخۆش و قسە خۆشم بۆ پەیدا بێ. من لەو خەیاڵەدا بووم، ئەوندەم زانی کابرایەکی سوێدی ئارەق خۆر بە وتەی خۆیان " ئەلکۆلیست " کە سەگێکی پەت کردبوو، لێم پەیدا بوو. لە سەر سەندەڵییەکەی ڕوو بە ڕووم دانیشت. ملی بۆ لای من خوارکردەوە و بە زمانی خۆی گوتی " هەی " واتە سلاو، منیش بە زمانی خۆم وەلامم داوە. سەگەکەی لێم نزیک بووە. بڕێک خۆم دزییەوە.

کابرا گوتی « مەترسە، یانیگرنییە، زۆریش مێهرەبان و دڵسۆزە، لە هەندێک ئینسان باشترە، ئەمە هاوڕێی تەنیایی منە » ( لەو چەن مانگەدا کە لە کەمپ بوو دەچوومە کلاسی فێر بوونی زمانی سوێدی و کەمەکێک فێر ببووم، لە کابرا حاڵی دەبووم کە باسی چیدەکا) بە زمانێکی نیوە ئینگلیسی و نیوە سوێدی گوتم « ناترسم، بەلام من بە سەگ و پشیلە ئالۆش دەبم و هەناسەم سواردەبێ.»

کابرا گوتی « ئەها، ببوورە نەمزانی " ئالەرژیت " هەیە »

سەرنجی کابرام دا،و لێی ورد بوومەوە، پیاوێکی کەڵەگەت و بە خۆوە بوو. پرچی لە سەر شانی پەخشان بوو. چاوی شین و کەپۆ بەرز، ڕیش زۆر و دەم و چاو نە شۆردراو. بە کورتی و بە کوردی " کوڵکن و چڵکن " بوو. کاپشێنێکی چەرمی قاوەیی ڕەنگی نیمداشتی لە بەردا بوو. شارواڵێکی جینی کۆن و جووتێ پۆتینی سەربازی لە پێدا بوو. سەگەکەشی وەکوو خۆی بۆر زەرد بوو. شێوەی زیاتر لە گورگ دەچوو. ئەو کابرایە بێپسانەوە قسەی دەکرد. جاری وا بوو لەگەڵ من ، ڕای واش بوو لەگەڵ سەگەکەی. هەر کە ڕووی دەکردە من و قسەی دەکرد زۆرم پێ ناخۆش بوو، ئەوندەی ئارەق و بیرە خوارد بووەوە بۆنی هەناسەی مرۆڤی کاس و وڕ دەکرد. سەیر ئەوە بوو کە بەو حاڵەش بتڵێکی پڕی بە دەستەوە بوو. تاوێ نە تاوێ دەینا بە سەریەوە و قومێکی لێدەخواردەوە. خۆڵکی دەکردم. بەڵام من بە زمانی خۆی سپاسم لێدەکرد، و دەمگوت « نا خۆشبی من ناخۆمەوە. پاکەتە سیگارەکەیی دەرهێنا و دەستی بۆ لای من درێژ کرد و گوتی « تۆ کە ئارەق ناخۆیەوە، فەرموو سیگارێک بکێشە ! »

لەو کەین و بەینەدا کۆنترۆڵچی قەتارەکە پەیدا بوو. هاواری کرد « کێ تازە سوار بووە، تکایە بلیتەکانتان » تێگەییم چی دەوێ. بلیتەکەم لە کیفەدەستییەکەم دەرهێنا و دامە دەستی. ئەوەیش بە مەنگەنەکەی کونێکی تێکرد و دایەوە دەستم. بە دڵنیاییەوە پاڵم لێداوە. دوای من ڕووی کردە کابرا و گوتی « تۆ بۆت نییە لێرە سیگار بکێشی. کوا بلیتەکەت ؟ بدە بزانم! »

کابرا دەستی کرد بە گیرفانیدا و بلیتێکی دەرهێنا و دایە دەست کۆنترۆڵچییەکە. ئەویش بە وردی تەماشای کرد و گوتی « ئەم بلیتە کۆنە. تۆ دەبێ بلیتی نوێ بکڕی ! »

کابرا منگەمنگێکی کرد و گوتی « دراوم پێنییە، چ بکەم، خۆ نام کوژی »

کۆنترۆڵچییەکە بە توڕەییەوە گوتی « نات کوژم. یان بلیت، یان فەرموو دابەزە «

چەن سووڕی پێچوو، قەتارەکە گەیشتە وێستگەیەک کابرای خاوەن سەگ هەستا و زۆر بە توڕەییەوە شەپێکی لە سەندەڵییەکە هەڵداو و پەتی سەگەکەی گرت و بە بۆڵەبۆڵ بەدوای خۆیدا کێشای و ڕۆیی. کە ئەو ڕۆیی لە دڵی خۆمدا گوتم " دەک سەت ڕەحمەت لە دایە و بابت بێ، وا منت لە دەس ئەو سەگ و بۆگەنە ئارەقە ڕزگار کرد."

شەو بوو. قەتارەکە دەیناڵاند، وەکوو تولە ماری لە گەرمادا هەژاو لە سەر ڕێڵەکە دەخزی. کاتژمێر یەک و نیوی شەو بوو، گەیشتە ستۆکهۆلم. هەموو جێگایەک داخرابوو. شوێنی ئاگاداری و ڕاگەیاندنی کات و ڕۆیشتنی قەتاریش بەسترابوو.

نابەڵەد بووم. نەمدەزانی چبکەم. بە ناچار دەبوو تەلەفۆن بۆ کۆنە دۆستەکەم بکەم و داوای ڕێنمونی لێبکەم کە چۆن بچم بۆ ماڵی ئەوان. بە پرسیار تەلەفۆنێکم دۆزییەوە، تەلەفۆنم کرد و گوتم « ئەوە من گەیومەتە ئێرە و لە وێستگەی قەتارم، بەڵام نازانم چۆن بێم بۆ ملّی ئێوە «

ئەویش گوتی « لە کوێی هەر لەوێ بە تا دێم. تا نیو سەعاتی دیکە دەگەمێ. هەر لە لای "ئینفۆڕماسیون" ە کە ڕاوێستە، لە جێی خۆت مەبزوو »

زۆر ماندوو، وەڕەز بووم. نەمدەزانی چیبکەم لە کوێ ڕاوەستم. لە بێتاقەتیدا لە ساڵۆنەکەدا دەهاتم و دەچووم. دەمڕوانییە ئەو بینادەمانە کە بەلامدا دەهاتن و دەچوون. بەلامەوە سەیر وسەرنج ڕاکێش بوون. لە هەموو بابەتێکم دەبینی، ژن و پیاو، کەمتەمەن، بەساڵاچوو، و مەست ومەنگ. دوو پیاوی ڕەش پێستم بینی مەکینەیەکیان بە دەستەوە بوو ساڵۆنهکەیان خاوێن دەکردەوە. کچێکی پۆرزەردی باڵابەرز بە لایاندا تێپەڕی، وابزانم سەرخۆش بوو، خۆوی بە سەر پێوە نەدەگرت. سەر سمێکی دا و لاتراسکەی بەست و لە سەر مزاییکەکان تخێل بوو و کەوت. یەکێک لە پیاوە ڕەشەکان دەستیدا بن باڵی و هەڵیساندەوە. ڕاوێستا بووم و دەمڕوانییە ئەو دیمەنە. کچێکی کەم تەمەن هاتە لام و دەستی گرتەوە و گوتی « پێج کرۆنم دەیە پارەم نییە سواری قەتاربم و بڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆم » منیش پێنج کرۆنم دایە و ڕۆیی. کەمێک تێ ڕامام، و بە خۆمم دەگوت " ئەی بۆ دەیانگوت لە سوێد سواڵکەر نییە !؟ ".

هەستم کرد کە برسیمە. چاوم گێڕا کە شوێنێک پەیداکەم و بچم خواردنێک بکڕم و بیخۆم. کیوسکێکم بە دیکرد. چووم و بابۆڵەیەکم نان و پەنیر کڕی. لە قوژبنێکەوە ڕاوێستام ، بە پەلە نان وپەنیرەکەم خوارد. خۆشم نەمزانی بۆچی وا بە پەلە بووم. دوای ئەوە سیگارێکم داگرساند و بە کەیفی خۆم و پڕ بە سینەم مژم لێدا. سیگارەکەم تەواو کێشا. ئەمجار ئیشتیام لە چایی بوو. چوومەوە بۆ لای کیوسکەکە و لە کابرای فرۆشیارم پرسی

« چاییت هە یە ؟ »

کابرا گوتی « بەڵێ ، قاوەشم هەیە «

پیاڵەیەکم چایی کڕی و بە سەر پێوە هەڵمقوڕاند. سیگارێکی دیکەشم هەڵکرد. چاوە چاوێکم کرد. یەکێک بە لامدا تێپەڕی. نەمزانی کوڕ بوو یان کچ. چەن هەنگاو ڕۆیی و ئاوڕێکی داوە. دەورێکی ساڵۆنەکە گەڕا و هاتەوە. ههاتە نزیکمەوە و ڕاوێستا. بە زمانی خۆی شتێکی گوت ، بەڵام لێی تێنەگەییم چی گوت. زانی لێی حاڵی نە بووم. ئەمجار بە ئینگلیسی لەگەڵم دوا. پرسی

« خۆشت لە . . . دێ ؟ » لەوکاتەدا دوو ژنی سەرخۆش بە لاماندا تێپەڕین. لە وەڵامی پرسیارەکەیدا تەنیا شانم هەڵتەکاند. کابرا تەماشایەکی کردم و هەمیسان پرسی

« خۆشت لە . . . نایەت ؟ »

سەرم ڕاوەشاند و هیچم نە گوت،

ئەمجار پرسی « ئەی لە . . . چی ؟ »

بە توورەییەوە گوتم « تێناگەم دەڵێی چی »

بە چاو و بزوەی لەش دیویست تێمگەێنێ کە مەبەستی خۆیەتی گوتی

« ئەگەر پێت خۆشە لە گەڵت دێم »

منیش ئەمجار زۆر بە ڕقەوە مۆڕەیەکم لێکرد، بەڵام ئەو وازی نە دەهێنا هیچ شەرمی نە دەکرد! گوتی « هیچ مەترسە وەرە با بڕۆین »

هیچ جوابم نەداوە. وام ڕق هەستا بووم، هەر مەپرسن. ڕووم لێوەرگێڕا و کومێک ڕۆیشتم. ئەویش کە زانی من جوابی نادەمەوە. لەداخا سەری شۆڕ کردەوە و ڕۆیی و لەبەر چاوم ون بوو.

ئەوندە ماندوو بووم، خۆم بەسەر پێوە نەدەگرت. چوومە خوارەو بۆ سەر سەکۆی قەتارەکە. چاوم گێڕا کە جێگایک بدۆزمەوە و تۆزێک دانیشم، لە نێوەڕاستی سەکۆکە ژوورێکی چوارگۆشەی شووشەیی لێبوو. چووم بۆ ئەوێ ، چەن نەفەر سەرخۆش دانیشتبوون. یەکێک خەوەی لێکەوتبوو. یەکی دیکە ملی لار کردبۆەوە و وەنەوزی ئەدا. یەک دوانێ سیگاریان دەکێشا و قسەیان دەکرد. چووم و لە سەر نیمکەتێکی بەتاڵ دانیشتم. سیگارێکم داگرساند و پڕ بە سینەم هەڵممژی. لە پڕێکدا دوو ژن خۆیان کرد بە ژوورێدا. یەکێکیان چووە تەنیشت ئەو کابرایە کە خەوی لێکەوتبوو لە پەنایدا دانیشت و بە هەوای مەستی کابرای لە خەو هەستاند. سەری خستە سەر و پێی ڕادەبووارد. کبراش سەر هەڵێنا و بۆڵەبۆڵێکی لێوە هات و دووبارە سەری بەرداوە بۆ برۆکی خۆی، بەڵام ژنەکان گاڵتەیان دەکرد و پێی پێدەکەنین. لە قسەکانیان حاڵی نەدەبووم، بەڵام بە جوولەی دەست و چاویاندا کەمێک تێگەییم کە دەڵێن چی. یەکێکیان ڕووی کردە من و داوای سیگارێکی لێکردم. سیگارێکم دایە. کرۆنێکی دەرهێنا کە لە باتی سیگارەکە بمداتێ. بە سەر لەقاندن تێمگەیاند کە نامەوێ. ئەوەیش سیگارەکەی داگیرساند و گوتی « تەک » ، یانی سپاس.

دانیشتبووم و تێڕامابووم. ئەم دیمەنەم دەبینی و لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە وڵاتی خۆمان دیبووم بەراوردم دەکرد. بیرەوەریم دەگەڕاوە بۆ شەوانی هاوینی شارەکەم کە تەمەنێکی تێدا ڕامبوارد بوو. هیچی ئەم وڵاتە لە هی وڵاتی خۆمان نەدەچوو. سەرم هەڵێنا و تەماشای ئەم لاو لای خۆم کرد ، کە ڕوانیم و بینیم دۆستەکەم لە پشت سەرمەوە ڕاوێستاوە و بە پێکەنینەوە بە ڕوو خۆشی گوتی « ببوورە کە درەنگ هاتم. ماڵی ئێمە لێرەوە زۆر دوورە. بۆیە زۆرم پێچوو. هەستە با بڕۆین ! »

منیش هەستام و لەگەڵی ڕێکەوتم. لە وێستگەی قەتارەکە چووینە دەرەوە. چووینە مەیدانێک و سواری ئوتوبوس بووین. دۆستەکەم پرسی « دەی بڵێ بزانم لە قەتاردا خۆشت لێگوزەرا ؟ »

منیش ئەم چیرۆکەم بۆ گێڕاوە. بەڵام ئەو زۆر بە سارد وسڕییەوە گوتی « ئەم جۆرە شتانە لێرە سەیر نییە، شتێکی " نۆرمال " ە. لە دڵی خۆمدا دووپاتەم کردەوە " ئەم جۆرە شتانە لێرە سەیر نییە، نۆرماڵە " دوایە بە خۆمم دەگوت دەک قوڕ بە سەرم لەم شارستانییەتە.

ئوگوست 1994 سوێد